www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 11:17 20-10-2006

## ماموستا گیان ببەخشە... ئەرکی دایک گرانترە ... خەندە جەمال

شەوی 2 شەممە/3 شەممەو لەبەرنامەیەکی دیکەی سۆزان خاندا لەتەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بەرنامەی (میوانی بەربانگ) کاتی چووە ماڵی ماموستا جەمال عەبدولەوەو لەمیانەی ئەو بەرنامەیەدا سۆزان خان پرسیارێکی ئاراستەی ماموستا جەمال کردو وتی: بەڕای تۆ ئەرکی دایکایەتی گرانترە یاخود باوکایەتی؟ بەڵام وەڵامەکەی ماموستا جەمال تووشی سەرسوڕمانی کردم بەوەی وتی: بەدڵنیاییەوە ئەرکی باوکایەتی زۆر زۆر گرانترە لەئەرکی دایکایەتی!!



بەشبەحاڵی خۆم نەك لەئەرکی دایکایەتی خۆمەوە بەڵکو ئەگەر بەشێوەیەکی گشتیش لێی بڕوانم دەبینم ئەرکی دایکایەتی سەدقاتی ئەرکی باوکایەتی گرانترە، ئەمە هەر لەسەرەتای ئاوسبوون بە 9مانگ ئازارو نەهامەتی کەدایك ئەو منداڵە بەسك و پێست و گەرماو سەرماوە هەڵدەگرێت، هەتاوەکو هەموو ئەو عەزاب و ژانەی کەئەو دایکە منداڵەکەی پێ دەهێنێتە بوونەوەو دوای ئەوەش ماوەی (زەیستان) ی ئەو دایکە کەدەبێ بەرگەی هەموو ئازارەکانی جەستەی خۆیشی و بەخێوکردن و شیرپێدانی منداڵەکەیشی بگرێت، دواتر دایك ئەگەر فەرمانبەر بێت دەبێت دایك بێت، ژنی پیاوەکەی بێت، بەخێوکەرو پارەپەیداکەری بەشێك لەقورساییە ئابوورییەکەی ماڵ بێت، دواتر خەمخۆری منداڵەکەی بێت بەهێنان و بردنی منداڵەکەی بۆ ماڵە باوان یاخود خەزوران یاخود بگرەو بێنەو سەرهێشەی پەیداکردنی لانەیەکی منداڵان بۆ منداڵەکەی و ئەمەش بەهەموو کێشەکانییەوە، دایکی فەرمانبەریش دووجار هیلاکترە وەك لەژنی ماڵ بەوەی کەدەوامی دەرەوەش دەکات و دەوامی ماڵ و منداڵیشی، ئەمانە لەوانەیە بەدەم ئاسان بێت بەڵام بەفیعلی ژیانێکە بەتەنها دایکان لەهەقی دێن.

لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو باوکێك.. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پیاوی وڵاتی من ئەو هیلاکیی و ماندووبونەی ژن دەیچێژێت ئەو نایچێژێت، چونکە پیاوانێك هەن بەلایانەوە گران و ئەستەمە گەر بۆ چەند سسەعاتێکیش بێت لەماڵەوە یامەرتی ژنە فەمانبەرەکەیان بدەن و کەمێ لەکاری قورسی ناوماڵیان لەسەر کەمبکەنەوە چونکە ئەمە بەعەیبەو دوور لەپیاوەتی دەزانن دیارە مەبەستم لەهەمووان نییە چونکە من بەشێوەیەکی گشتی قسە دەکەم، باوك لەوانەیە تەنها کاری بەخێوکردنی ماڵ و منداڵی لەسەر بێت لەلایەنی ئابوورییەکەیەوە گەر هەندێ جاریش کەمەیارمەتییەکی ژنەکەی و منداڵەکەیشی بدات.

باشترین و زەقترین نمونەش ئەوەیە کەپیاوێك منداڵی هەبێت و لەقەدەرێکدا ژنەکەی کۆچی دوایی بکات تاماوەیەکی زۆر کەم دەتوانی بەتەنها بمێنێتەوەو ئەرکی بەخێوکردنی ماڵ و منداڵ و ئەرکی دەرەوەیشی بەڕێوە ببات، سەیر دەکەین پاش ماوەیەك بەدوی هاوسەرێکی تری ژیانیدا دەگەڕێت، کەئەمەش مافی هەموو کەسێکە کەبەتەنها نەژێت و من قسەم لەسەر ئەوەیان نییە، بەڵام چەندین ژنیش هەن لەدوای مردن و ونبوونی مێردەکەیانەوە بێباکانە توانیویانە گەر لەگەڵ ڕەوەیەك

منداڵیشیدا بێت ژیانی ئاسایی خۆی بەڕێوەببات و منداڵەکانیشی بەسەربەرزی گەورە بکات بەهەموو قورسایی و تەنگوچەڵەمەکانی ژیانەوە، نمونەی ئەو ژنانەش لەژنانی پێشمەرگە شەهیدەکانمان و کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە ئەوەندە زۆرە کە هەموو کەس بۆ خۆی دەتوانی بەزەقی ئەوە هەست پێ بکات، بۆیە وتراویشە: (منداڵ بەدایك هەتیو دەبێت، نەك بەباوك) !

هەر لەمیانەی ئەو میواندارییەی ئەو بەرنامەیەشدا و کەمێك دوای ئەو وەڵامەش مامۆستا جەمال خۆی دانی بەوەدانا کە کەمتەرخەم بووەو وتی سوپاسی ماڵ و منداڵەکانم دەکەم بەتایبەتی هاوسەرەکەم کەزۆر ئازا بووە لەبەخێوکردنی منداڵەکانم و یارمەتیدانی منیشدا، چونکە من کەمتەرخەمتر بووم لەبەخێوکردنیان ئەویش بەهۆی هەستی نەتەوایەتی و خزمەتکردنی گەل و نیشتمانەوە، کەواتە مامۆستا گیان چۆن تۆزی لەمەوبەر وتت: ئەرکی باوکایەتی گرانترە؟؟!!

گلەییەکیشم لەسۆزان خان ئەوەیە، کەئەرکی رۆژنامەنووس ئەوەیە لەکاتی چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانیدا تەنها سەر نەلەقێنی و نەڵێ بەڵێ وایە، چونکە هەندی جار (ئەوی بەرامبەر) ئاماژە بۆ شتێکی پێچەوانە دەکات، بەڵام ئیدی لەبەرئەوەی ئەو هەرکەسێکە ئێمە نابێت بڵێین "بەڵێ وایە"، بەڵکو دەبوا سۆزان خان وەکو کچێك کەلەداهاتوودا دەبێتە دایك و ئەرکی گرانی دایکایەتی پەیڕەو دەکات، بیوتایە من تێبینیم لەسەر ئەو بۆچوونەت هەیە. هەروەك چۆن لەبەرنامە سەرکەوتووەکانی هالە سەرحان و ئۆپەرادا، جاری واهەیە کەساتییەکی گەورەش لەبەرامبەری دانیشتوە بەڵام کەهەڵەیەك دەکات ئیستێکی لەبەردەم دەکات و گفتوگۆو تێبینی خۆی لەسەر ئەوکەسەو بۆچوونەکانی دەردەبڕێت.

بۆیە دەڵێم مامۆستاگیان بمبەخشە، بەخوا ئەرك و نەهامەتییەکانی دایك گرانترە، لەگەڵ ئەو پەڕی رێزم بۆ مامۆستای پایەبەرزو هەمیشە زانست پەروەر مامۆستا جەمال عەبدولی باوك و شۆڕشگێڕ و بەرنامە هەمەڕەنگەکانی سۆزان خانیشدا...